# بۆ سەرکوتی دەنگی نارەزایەتی لەیادی ئەنفالدا
# زمناکۆ عزیز  لە لایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێ

رۆژی 13ی نیسان  2006 ئاسایشی یەکیتی لەشاری سلێمانی زمناکۆ عزیز رابەر و روخساری ناسراوی کۆمۆنیستی گرت. ئەمە بەشێك لەو حەملەیەیە کە یەکێتی نیشتمانی دەستی داوەتێ بۆ سەرکوت و گرتنی رابەران و هەلسوراوانی نارەزایەتیەکانی کوردستان کە لەیادی ئەنفالدا دەستیان کردوە بە چالاکی جۆراوجۆر .لەم هەفتەیەدا یەکیتی لەکلار و رزگاری (صمود) و لەناوشاری سلێمانی و هەموو ئەو شوێنانەی تر کەنارەزایەتی سەبارەت بە وەزعی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەئارادایە ،لەڕێگای هەڕەشە و ناردنی نامەی ئاسایش بۆ سەر هەلسوراوانی دەستەو کۆمەلەی نارەزایەتیەکان لە کلار ،چوونە سەرماڵ و بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی و گرتنی ئەو کەسانەی کە بەیاننامەکانی یادی ئەنفالیان بلاوکردۆتەوە لەسەر ئەم هێرشانەی بەردەوامە. ئەم حەملەیەی یەکێتی بۆ بەرگرتن بە دوبارەبونەوەی خۆپیشاندانەکانی یادی هەڵەبجەیە و ترس لە راپەرینی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالە . گرتنی زمناکۆ عزیز و هەلسوراوانی تر لە پێناو سەرکوتی هەر دەنگێکی نارەزایەتیە کە لەیادی ئەنفالدا دەیەوێت بەرۆکی یەکێتی نیشتمانی بگرێت کە ژیانی خێزانە ئەنفالکراوەکان و شوێنی ژیانیان لە جەهەنەمێکدا ڕاگرتوە.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەبێت بەر بەم سەرکوتگەریەی یەکێتی نیشتمانی بگرین . نابێت ڕێگە بە یەکێتی بدەین کە لە ڕێگەی سەرکوتەوە دەنگی قوربانیانی ئەنفال بۆ داوا ڕەواکانیان بخنکێنرێ. دەبێت لەرۆژی ئەنفالدا دەنگی نارەزایەتی قوربانیانی ئەنفال بەرزبکەینەوە .ئێمە  گرتنی زمناکۆ عزیز بەتوندی مەحکوم دەکەین و داوا دەکەین کە دەست بەجێ ئازاد بکرێت . دەبێت لەیادی ئەنفالدا خواستی ئازادکردنی زمناکۆ عزیز و هەموو ئەو هەڵسوراوانەی لەم چالاکیانەی یادی ئەنفالدا لەلایەن یەکیتی نیشتمانیەوە گیراوە بەرزبکەینەوە. ئێمە بانگەوازی هەموو خەڵکی کوردستان و حزب وریکخراوە جەماوەریەکان لە کوردستان و لەدەرەوە دەکەین کە دەستگیرکردنی زمناکۆ عزیز مەحکوم بکەن و فشار بخەنە سەر یەکێتی نیشتمانی بۆ ئازادکردنی دەست بەجێی.

بژی ئازادی نارەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان

مەرگ بۆ سەرکوت  و  پیشیلکردنی  مافی قوربانیانی ئەنفال

**ریکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**

2006/04/13